# ڕاگەیاندنی فراکسیونی "فەعالییەت بە ناوی کۆمەڵە"

## سەرەتا

ئێمە پێشتر لە نووسراوەیەکدا -(پێویستی هەڵسووران بە ناوی کۆمەڵە)وە - خوازیاری ئەوە بووین کە لە ژێر ناو و قەوارەی ڕێکخراوەیی ڕاستەقینەی خۆماندا، یانی کۆمەڵە، نەک لە چوارچێوەی بێبنەمای حیزبی کمونیستی ئێراندا هەڵسووڕانی سیاسیمان درێژە پێبدەین. دواتریش لە بابەت و دەربڕینەکانیدیکەدا، باسی بۆچوون و هەڵوێستی سیاسی و فیکری خۆمان، هەروەها جیاوازییەکانمان لەگەڵ "بۆچوونی ڕەسمی" ناو حیزب کردووە. ئاشکرایە کە ئەمانە تەنیا نیشاندانی ناڕەزایەتی و دەربڕینی ڕەخنە لە "ناوی حێزب" و بێ بنەمابوونەکەی نەبوون، بەڵکو واوەتر لەوەش ڕەخنە لە گەلێک بۆچوون و ڕوانگە و هەروەها شێوەگەلێکی کاری ڕێکخراوەیشی لەخۆ دەگرت. ئێستاش زیاتر لە هەرکات دەبیندرێ کە ئیدعا و سوور بوون لەسەر "حکا"ی بێ بنەما، بۆخۆی ڕەنگدانەوەی بۆچوونێکی گشتیترە کە ئێمە لە گەڵیدا ناتەباین. واتە تەنانەت ئەگەر ئێمە هەمووشمان لە ژێر ناوی کۆمەڵەدا درێژە بە کاری ڕێکخراوەییمان بدەین، دیسان پێویستە و دەبێ چاو بەسەر گەڵێک لە سیاسەتەکان، تاکتیک و شێوەکانی کاری ڕێکخراوەییدا بخشێندرێتەوە و ئاڵوگۆڕی تێدا پێک بهێندرێ.

هەر لە سەرەتاوە، دەربڕینی بیروباوڕەکان و بڵاوکردنەوەی بۆچونەکانمان لە ئاستی جۆربەجۆردا چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەی حیزبدا، هەڵوێست و سەرنجی جۆربەجۆری بە دوای خۆیدا هێنا. جاروبارە تەم و گومانی بە شوێنەوە بوو، گەلێک پرسیاریشی لێ کەوتۆتەوە کە دەبوو وڵامیان پێبدرێتەوە و ڕۆشنایی زیاتریان بخرێتە سەر. بەڵام لە هەموان زیاتر لەگەڵ هەلوێستی ناڕەوای "ڕێبەرایەتی حیزب" کە هیچ ڕەخنەیەک هەڵناگرێ، بەرەوروو بووەوە. لەم ماوەیەدا بەئانقەست و بە بیانووی بەتاڵ هەموو ڕێگاکان بۆ کرانەوەی درگای قسەلێکردن و دیالۆگێکی ئەمرۆیی و بێ پێچوپەنا داخران. لەم ڕەوتەدا بەداخەوە شێوازی بەراوەژۆکاری و بەلاڕێبردنی بیروڕا و بەربەستکردنەوەی ڕێگاکانی کەڵکوەرگرتن لە ئیمکاناتی تەبلیغی و بڵاوکردنەوە، هەروەها کۆسپنانەوە و بەرتەسککردنەوەی مەجالی هەڵسوڕان بە مەبەستی بەتاکخستنەوە و وەلانانی "دەنگی دیکە" هەڵبژێردراون. مخابن بەمجۆرە و بە ڕەچاوکردنی ئەم شێوە نەزۆک و بێئاکامانە هەموو ئەو شتانەی کە بۆ گەشە و هەڵدانی بیری ورد و کردەوەی پوخت پێویستن - وەک بواری ڕەخنەگری، پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی بەردەوامی هەڵکشان و داشکانەکان - پەکخراون و داوای ئەم پێداویستییانەش لەگەڵ دیواری ڕەقەنی پاوانخوازی، بۆ زالکردنی تاکدەنگی بەرەوروو بۆتەوە. ئێستا هەر بەمئاوایەش زیاتر لە جاران هەوڵدەدرێ سمینار و دانیشتن و کۆنگرەکان فۆرمالیتە و بێناوەرۆک بکرێن و کەڵکیان پێوە نەمێنێ. ئەم شێوازانە تا ئێستا نە تەنیا هیچ قازانجێکی بۆ حیزب نەبووە و یارمەتی بە یەکانگیرییەکی ڕێژەیی بیروبڕوایی و هاودەنگییەکی بەکردەوەی سیاسی و تەشکیلاتی نەگەیاندووە، بەڵکوو بە پێچەوانە لەگەڵ ئەنجام و ئاکامی بێبەر و نیگاتیڤیش بەرەوڕووو بۆتەوە.

ئێمە لەم ماوەیەدا سەرەڕای هەموو کۆسپەکان و هەموو ئەو قسەڵۆکە بێناوەڕۆکانەی کە ئاراستەمان کراوە، بەردەوام هەوڵمان داوە بە پێی بوارێکی بەرتەسک کە بوومانە ڕوانگە و بۆچوونەکانی خۆمان زیاتر ڕوون بکەینەوە، هەروەها هەوڵمان داوە نەکەوینە مەیدانی کێش مەکێشی بێبایەخ و بێئەنجامی تاکەکەسی و تاقمەیی، دڵسۆزانە لە خەمی ئەوەدا بووین و تێکۆشاوین یارمەتی بە سازبوونی کەشو هەوایەکی گەش و لەباری

سیاسی بگەیێنین. ئێمە ئەم هەوڵانەمان داوە و لێبڕاوانەش درێژەی پێدەدەین، چونکا مەرجی پێشکەوتن و یەکانگیری و هاودەنگی سیاسی و ڕێکخراوەیی تێدا بەدیی دەکەین.

ئەمڕۆ دوو شتی سەرەکی ئێمەی هەڵخراندوە جارێکی دیکە بە لێوردبوونەوەیەکی زیاتر بیروڕای سیاسی و روانگە و تێبینییەکانی خۆمان لەگەڵ هاوڕێیانی ناوخۆی تەشکیلات و بیروڕای گشتی دەرەوەی حیزب بهێنینە گۆڕێ:

١. دووپاتکردن و پێداگرییەکی زیاتر لەسەر پێویستی پێداچوونەوە بەو سیاسەت و تاکتیک و روانگانەی کە بەرێوەدەچن و بە بۆچوونی ئێمە لەگەڵ راستییەکانی ناو کۆمەڵگادا یەک ناگرنەوە، هەروەها چاوخشاندنەوە بەو شێوازە ڕێکخراوەییە نەزۆک و ناکارامانە کە سێبەریان خستوەتە سەر، تێکڕای ئاکار و کردەوە سیاسی و ڕێکخراوەییەکانمان چ لە ئاستی نێو کۆڵەڵگا و چ لە نێو خۆی حیزبدا.
٢. دارشتن و دەستپێڕاگەیشتن بە قەوارەیەکی گونجاو و ئاشکرای ڕێکخراوەیی بۆ ئەو باڵەی کە نوێنەرایەتی ئەو بۆچوونە سیاسییە دەکات. دیارە ئەمەش لە چوارچێوەی پێوانە حقوقییە پەسەندکراوە گشتییەکاندا، تا بکرێ و بتواندرێ بە شێوەیەکی کۆنکرێت و ئاشکرا هەم بەشداری لە راپەڕاندنی ئەرکە گشتییەکانی کاروباری حیزبیدا بکرێ، هەم مەجالی ئەوە هەبێت تا لە بوارە جیاجیاکانی سیاسی و ڕێکخراوەییدا روانگە و بۆچونەکانی خۆی دەرببڕێ و بڵاوی بکاتەوە.

جێی خۆیەتی دووپاتی کەینەوە کە ئەمە هەنگاوێکی لە رووی ناچارییە. چونکا هەڵسوکەوتی بەرچاوتەنگانە و خۆمەزنانەی "ڕێبەرایەتی حیزب"، هەروەها ئەو رەوشە نالەبارانەی کە بۆ وەلانان و دەرپەڕاندنی هەر دەنگێکی دیکە گیراوەتە بەر، هیچ ڕێگایەکیتری نەهێشتۆتەوە و هەموو رۆژنەیەکی خۆدەربڕین و هەڵبڕینی هەر دەنگ و بیرێکی جیاوازی کوێر کردۆتەوە. دەنا ئەگەر وانەبا و هەموو ئامرازەکانی چالاکی و خۆدەربڕین و کاری حیزبی بە شێوەیەکی دیموکراتیک و کراوە لە جێگای خۆیان و لەبەر دەستی هەمووداندا بان، ئەگەر هەموان توانیبایان بۆچوون و تێبینییەکانی خۆیان بە بێ گەرتێئالان و گوشاری قسەوقسەلۆکی بێ بنەما دەربڕیبایە، ئەگەر بناخەی چالاکی و کاری حیزبی لەسەر لێوەشاوەیی بۆ بەرەوپێشبردنی کاروبارەکان دارێژرابە و دەستەوبەستە سازکردن جێگای نەبایە، بێگومان ئەو دەم هەموو تواناکان لەجێگای راستەقینەی خۆیاندا دەکەوتنە گەڕ و بۆ بەرەوپێشبردنی کاروباری حیزبی تێدەکۆشان و هێز و گوڕیان بە ڕەوتی گەشەی جوڵانەوە و حیزب و فراوانکردنەوەیان لە رادەی جەماوەریدا و لە ناو کۆمەڵگادا دەبەخشی، ئیتر ئەودەم دەرفەت بۆ پێشێلکردنی دیموکراسی ناوخۆیی و پێخوستکردنی مافەکانی تاک لە ناو حیزبدا هەڵنەدەکەوت.

هەروەها جێی خۆیەتی دووپاتی کەینەوە کە راگەیاندنی فراکسیون بۆ ئێمە هیچ هەنگاوێکی بەرایی بۆ دابڕانێکی تازە نیە و هیچ مشورێکی ژێربەژێر لە پێناو بەرژەوندی تاک یان تاقمێکی تایبەتدا نیە. بەڵکو هەر بەوجۆرەی کە وترا ئامرازێکی ڕێکخراوەیی دیار، یاسایی و ئاشکرایە بۆ درێژەدان بە هەڵسووڕانی سیاسی و حیزبی. ئێمە دەمانەوێ هەموو هەوڵی خۆمان بۆ ئەم مەبەستە و بۆ دەستەبەرکردن و بەکردەوە دەرهێنانی مافەکانی تاک لە ناوخۆی تەشکیلات، هەروەها بۆ پێکهێنانی کەشوهەوایەکی گەش و کراوەدا تەرخان بکەین. ئێمە هیوادارین ڕێبەرایەتی حیزبیش هەر بەمئاوایە شێوازێکی ئەوتۆ بگرێتە بەر تا مەیدان بۆ هەڵکەوتنی ئەو کەش و هەوایە تەخت بێ و تا ڕێگای گرژی و لێکترازان کوێر بێتەوە. گومانمان لەوەدا نیە کە هەموو هاوڕێیانی حیزبی

دەتوانن بە بوونی پڕشوێنەواری خۆیان و بە بەشداری چالاکانەیان نەخشێکی کارا و بەر چاو لە  سازکردنی ئەو کەشوهەوایەدا و لە پڕناوەڕۆک کردنی ئەو باسانەدا بگێڕن، کە دێنە پێش.

**کورتەیەک لە هەڵوێستەکان، جیاوازییەکان**

جیاوازی سیاسی و ناکۆکی بۆچوون لە مەیدانی سیاسی یان لە شێوەکانی ڕاپەڕاندنی کاروباری ڕێکخراوەییدا، لە ناو ڕێکخراوێکی جیدی سیاسیدا، خۆی لە خۆیدا نەک هەر زەرەری نیە و نابێتە هۆی لێکترازان و داروخان، بەڵکو ئەگەر بێتو بە شێوەیەکی مەنتقی و بە روانینێکی دیالکتیکییەوە سەیری بکرێ، دەتوانێ تەنانەت ببێتە هۆی گەشە و پێگەیشتن و بەرەوپێشچوونی چەندایەتی و چۆنایەتیش، هەم لە ناوەڕۆک و هەم لە شێوازدا. زەرەر لەوەدایە کە بەرانبەر بەم ناکۆکیانە شێوازی وەلاخستن، تاکمەندانە و بەرئاوەژۆکارانە و دەرپەڕاندنی بیری جیاواز ڕەچاو بکرێ. ئەمانە ئەو شێوازانەن کە بەداخەوە پێشینەیەکی تێکدەرانە و زیانباریان لەناو تەشکیلاتی ئێمەدا هەیە. ئەمڕۆش هەر بەمئاوایە لە جیاتی وڵامدانەوە بە باسەکانمان بە خەڵکی دیکەمان دەبەستنەوە، قسەوباسی خۆکرد و هەڵبەستەمان شوێن دەخەن، بەشوین سەرەداوی پێلاندا دەگەڕێن! بە کەڵک وەرگرتن لە ئامرازەکانی ڕێکخراوەیی ڕێگاکانی وەلانان و دەرپەڕاندن تاقیدەکەنەوە. ئەم هەڵسوکەوتانەش بۆخۆیان پێشینەیەکی کۆنتریان هەیە و دەگەڕێنەوە بۆ سەرجەمی جوڵانەوەی چەپ و بەتایبەت لە ئێران. بەداخەوە ئەم کەلەپورە ڕەش و نگریسە ئەمڕۆش بەرۆکی ئێمەی بەرنەداوە و هێشتاش پاش ئەم هەموو بێئاکامییە یەک بە دوای یەکە و پاش ئەم هەموو ئەزمونە تاڵانەی کە لە سۆنگەی ئەو جۆرە کردارانەوە هاتونەتە دەست، هەر درێژەی هەیە.

ئێمە سەرەرای هەموو ئەمانە هەوڵمان داوە بە دوور لەو کەش و هەوا چەوتە، بە پێی بوارێکی بەرتەسک کە لەبەر دەستدا بووە هەڵوێست و بۆچوونەکانی خۆمان دەرببڕین. لێرەشدا لە چاوچێوەی هەمان هەوڵ دەمانەوێ بە کورتیش بووبێ پووختەیەک لە هەڵوێست و جیاوازییەکانمان بخەینە بەرچاو و بە ئەرکی خۆشمانی دەزانین کە لە داهاتووشدا هەروا بەقەدەر توانایی خۆمان هەوڵ بدەین وردتر و پوختەتر تێبینییەکانمان دەرببڕین و بڵاویان بکەینەوە. چونکا پێمان وایە راستییەکان ڕێژەیین و تەنیا لە ڕەوتی بەرەورووبوونەوە و دیالۆگێکی ئەمرۆیی و گەشدا دەتوانن زیاتر خۆ دەربخەن و پوختە بکرێن.

١. ئێمە خۆمان بە کەسانێکی سوسیالیست و کمونیست دەزانین کە پێوەندیمان بە خەبات و چالاکی کۆمەڵە و جەماوەی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستانەوە هەیە و لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیماندا بە تەنگ چارەنووسی ئەو بزوتنەوە ئازادیخواز و سوسیالیستیەوە بوین کە کۆمەڵە پێشرەو و پێشەنگی بوو. لەم روانگەوە دەسپێکی کاری خۆمان بەوە دەزانین کە: یەکەم، ئەو قەیرانەی کە بەربینی بە کۆمەڵە گرت وەک راستییەک ببینین. دووهەم، بۆ هۆکارەکانی بگەڕێین و پاشانیش تێبکۆشین ڕێگا چارەسەرییەک بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە بدۆزینەوە. جیاوازی و ناکۆکییەکانی ئێمە لەگەڵ "خەتی رەسمی" حیزبدا هەر لێرەوە دەست پێدەکات.

ئێمە لەو باوەرەداین کە هەموو ئەو لق و دەستانەی کە لە کۆمەڵە جیا بوونەتەوە، هەر کام بە نەوعێک و تا ڕادەیەک لە ئامانجەکانی جوڵانەوەیەکی سوسیالیستی دوور کەوتوونەتەوە. هەموو ئەمانە لەژێر ناو و قەوارەی جۆربەجۆردا ـ هەر لە لقە ئانارشیست ـ ئۆپۆرتۆنیستەکانی کمونیزمی کرێکارییەوە بگرە کە روویان لە زیادبوونە، هەتا ئۆپۆرتۆنیسمی راست کە خۆی لە لقە جۆربەجۆرەکانی" ڕێکخراوی زەحمەتکێشانی

کوردستانی ئێران"دا دەردەخات ـ بە بۆچوون و کرگارەکانی خۆیان ریزەکانی خەبات و پێشکەوتنی فکری و سیاسی رێکخراوەیی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستانیان تووشی لێکترازان، سەرلێشێواوی و دڵساردی کردۆتەوە. هەر بەمئاوایەش خەڵکی هەژار و ستەمدیدەیان لە رێبەرییەکی شیاو و لە زمانحاڵێکی راستەقینەی بەرژەوەندیەکانیان بێبەش کردووە. بەداخەوە کۆمەڵە، رێکخراوی کوردستانی حیزبی کمونیستی ئێرانیش هەر لەم پێوەندییەدا و بە تایبەت لەم ساڵانەی دواییدا کارنامەیەکی باشی لە خۆی دەرنەخستووە. بەرەورووبوونەوەیەکی رەخنەگرانە لە روانگەیەکی چەپ و سوسیالیستییەوە بەرانبەر بەم بارودۆخە، مەرجی پێویست و سەرەکییە بۆ گەیشتن بە یەکێتی و یەکگرتوویی جەماوەر لە پێناو ئازادی و سوسیالیسمدا.

٢. یەکێک لە دیاردە سەرەکی و بەرچاوەکانی قەیرانی کۆمەڵە، تێکرمانی کۆمەڵە بووە بە دەست خودی کۆمەڵە. ئەم رەوتە نگریسە هەر دێت و بە ئاشکرا یان شاراوە لە هەرکام لەو لقانەدا خۆی دەردەخات. ئێمە بۆ ئەوەی نەکەوینە ناو ئەو مەیدانە، سەرەڕای رەخنەیەکی جیدی کە بوومانە بەوپەڕی دڵسۆزی و تواناوە هەوڵمانداوە بەری لێکترازانێکی دیکە بگرین و سەرنجەکان بەرەو باس و دیالۆگێکی دڵسۆزانە و زانستی بۆ وردکردنەوە و پوختە کردنی باوەڕە هاوبەش یان ناکۆکەکان راکێشین. ئێمە لەم رەوتەدا زۆرجار کەوتوینەتە بەر پەلاماری ـ تا رادەیەک چاوەڕوانکراوی ـ ئەو مەیل و بۆچوونانەی کە خۆیان بوونەتە هۆی لێدان و لێکدابڕانی کۆمەڵە. لە دەرەوە و لە ناوخۆدا و لە لایەن شونیسمی نەتەوەیی، سکتاریسم و ئۆپۆرتۆنیسمی چەپ و راست و هەروەها کەسایەتیپەرستی و پلەوپایەخوازی هوروژممان کراوەتە سەر. سەرەڕای هەموو ئەمانە بە رەنج و ئازاری رۆحییەوە خۆمان راگرتووە، <u>بەلام دەنگی جیابوونەوەمان هەڵنەبریوە</u>، بۆ ئەوەی دوژمنانی ئازادی پێ بە هێز نەبن و هەتا دڵساردی و نائۆمێدی لە ناو خەڵکی خەباتگێردا پێک نەیێت و هەتا رەوتی چەپ و سوسیالیستی پوخت و بەهێز بێت و راستی و خواروخێچی لێک جیابکرێنەوە. <u>ئێمە بناخەی رەوتی خۆمان لەسەر هاریکاری و بەرزکردنەوەی تێگەیشتوویی گشتی داناوە و هەر بەو ئاقارەشدا دەرۆین.</u>

٣. هەروەک دەزانن بەشێک لە ناکۆکییەکانی ئێمە لەگەڵ خەتی رەسمی لەسەر حیزبی کمونیستی ئێرانە. ئێمە پێمانوایە ئەمە هەر کۆمەڵەیە و هیچیتر. لەماوەی ئەم بیستوپێنج ساڵەدا کە "حکا" راگەیاندراوە، لە وڵاتی پانوبەرینی ئێراندا جگە لە رێکخراوی کوردستانی ئەم حیزبە واتە کۆمەڵە هیچ رێکخراوێکی دیکەی سەر بەم حیزبە نەهاتوەتە دی. ئەم حیزبە هەرگیز نەبوو بەو قەوارە رێکخراوەییەی کە هەلسوڕاوانی کرێکاری لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. ئەم حیزبە لەجیاتی ئەوەی پێبگا و لقوپۆ بهاوێ بەردەوام تووشی لق و پۆ لێبوونەوە و لێکترازان بووە. رێبەرەکانی ئەم حیزبە هێشتا پاش چارەکە سەدەیەک هەر لە هەوڵی ئەوەدان ئەم گریمانەیە بسەلمێنن کە گوایە "بوونەکەی لە نەبوونەکەی باشترە"!. ئەم کارەی کە کۆمەڵە بێت و ناوی حیزبی کمونیستی ئێران لەسەر خۆی دابنێ و پاشان خۆشی بکاتە بەشی کوردستانیی ئەم حیزبە لەگەل هیچ مەنتق و ئاوەزێکی ساغ و سەلیمی سەر ئەم عەرزەدا ناگونجێ. خاسییەتی ئەمکارە هەر ئەوەندەیە کە برێک لە ئینسانەکان لە دەوری خۆی و لە کۆت و بەندی خۆش باوەڕی و خۆفریودان بئاڵێنێ و سەرەنجام ببنە دەستکەلا بۆ کەسانێک کە لەم بارودۆخەدا تەنیا بەرژەوەندی نزم و کورتبینانەی تاکەکەسی خۆیان رەچاو دەکەن.

بەلام کۆمەڵەی چەپ و سوسیالیستی لە کوردستاندا رەوتێکی کۆمەلایەتی بووە. هەر بۆیە تەنانەت پاش ئەم هەموو لق و پۆ لێبوونەوە، هێشتا ناکرێ نەدیدە بگیرێ و هەر هەڵس و کەوتێکیشی راستەوخۆ شوێنی

باش یان خراپ لەسەر کۆمەڵگا و جەماوەر دادەنێ. کەچی "حکا"، وەک "حکا" قەت لە هیچ جێگایەکدا نەبوو بە ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی، ئەگەر هەر لە سەرەتاوە پانوبەرینی ڕێکخراوەکەشی چاو لێبکەین دەبینین لە کوێوە گەیشتۆتە کوێ.

٤. بۆ گەیشتن بە سوسیالیسم پێویستە و دەبێ دەرس لە ئەزمونەکانی رابردووی جوڵانەوەی سوسیالیستی وەربگیردرێ. دەبێ بە بەردەوامی باس و جەدەلی زانستی و داڕێژراو لەسەر راستییەکانی تازە بە تازەی دنیای ئەمڕۆ لە گۆڕێدا بێ، هەتا ملوێنەها کرێکاری پێشرەو بە زانستی نوێی دنیای ئەمڕۆ تەیار بن و بتوانن بە بەرچاوڕوونی و بە دانستە هەنگاو لە ڕێگای دارشتنی سوسیالیسم هەڵبگرن. ئەو سوسیالیسمەی کە ئەمڕۆ "حکا" و کۆمەڵە داوای دەکەن تەنیا بۆ سەلماندنی جێ وشوێنێکی تایبەتە بۆ ژمارەیەکی کەم و کلیلی رەمزی دەربڕینی وەفاداری کۆڕێکی بەرتەسک دەرحەق بە یەکتر و بۆ ئیجازەی مانەوە لەو کۆڕەدایە، ئەگینا هەڵگری هیچ ئیدە و تیورییەکی پێشکەوتوانەتر لەوەی کە هەبووە ـ چ پێشینەی کۆمەڵە یان جووڵانەوەی سوسیالیستی لە جیهاندا ـ نیە. "حکا " لە بەرامبەر ئەم باسانەدا و لەبەرامبەر شەپۆلی رەخنەدا کەڵەوەکێشی دەکات و خۆی ناداتە دەست باس و لێدوانی تیوریکی و وازی لە قووڵبوونەوەی زانستی سوسیالیستی هێناوە. ئێمە دەزانین کە بەردی بناخەی جیهان بینی مارکسیستی، وەک زانستێکی پێشرەو، وەک سیستمێکی فکری و متودولۆژییەکی زانستی لەسەر دژایەتی لە گەڵ وشکارۆیی و دوگماتیسم، لەسەر ناکۆکی لەگەڵ ئیدەئالیزم و ڕەش و سپی دیتنی فەلسەفی (مطلقنگری) داندراوە کە پێشتر برەوی هەبوو. ئەو فەلسەفە کۆنە بە چاوێکی نادیالکتیکی و نامێژوویی و متافیزیکیەوە سەیری دیاردەکانی ناو کۆمەڵگا و سروشتی دەکرد. بەڵام جیهان بینی مارکسیستی بە پشت ئەستوری دۆزینەوە زانستییەکانی مارکس لە بوارەکانی ئابوری و فەلسەفە و لێکدانەوەی داهێنەرانە و دیالکتیکی‌یانە لەسەر ئابوری و کۆمەڵگا و ڕەوتی مێژوویی چارەنووسی مرۆڤ، بۆخۆی وزەی لە نوێترین دەستکەوتەکانی زانستی وەردەگرت. قەت لاری لە نوێگەری و پەرەپێدانی تازە بە تازە و داهێنەرانە لە هەلومەرجی جۆربەجۆر و بە پێی دەستکەوتی زانستی نوێ نەبوە و نیە. ئێستا چۆن دەکرێ و دەشێ ئاینێکی چەقیوی نەگۆڕی لێ دروست بکرێ کە گوایە لە بەرامبەر هەموو ئاڵۆزییەکان و پرسیارەکانی مرۆڤایەتیدا وڵامی مکۆم و ئامادەکراوی حازروبزری لەبەر دەستدایە! ئەمە ڕێک روانگە و بۆچونی رێبەرایەتی حیزبی کمونیستی ئێرانە سەبارەت بە مارکسیزم وەک رێنوێنی کار و کردەوە. هەر لەم سۆنگەشەوەیە کە نەیتوانیوە و ناتوانێ لەم جیهان بینییە وەک رێنوێنێکی زانستی و راستەقینە بۆ لێکدانەوەی راستییەکانی ناو کۆمەڵگا و دیاریکردنی پێداویستی و ئەرکە سەرەکییەکانی رۆژ کەڵکی لێ وەربگرێ.

داخوا دەکرێ سوسیالیسم بە تاقی تەنیا لە ئێراندا سەر بگرێ؟ ئێمە دەتوانین چ دەرس و ئەزمونێک لە شۆڕشەکان و تێکشکانەکانی ڕابردوو وەربگرین؟ ئابوری سوسیالیستی چ تایبەتمەندی و چ پێداویستییەکی دەوێ و چۆن دەچێتە پێش؟ چ کۆسپ و هۆکارێک بەردی سەر ڕێگای یەکگرتوویی چینایەتی کرێکارانن؟ داخوا لە بەرنامەی حیزبی کمونیستی ئێراندا شتێکی جێگای ڕەخنەی تێدایە یان نا..؟ هیچ پرسیار گەلێکی لەو بابەتانە لەم ڕێکخراوەیەدا نیە و دەرناکەوێ! گریمان شتێکی واش بیتە گۆڕ، وەک بڵێی هەموو وڵامەکانیش نەخت و پوخت لەبەر دەستدان! ئەمە تەنیا دوروشمەکانن کە دەبێ شۆراوە و رازاوە هەڵبخرێن و دوپاتە بکرێنەوە. وا دەخرێتە بەرچاو کە گۆیا ئەگەر دوروشمەکانی "بژی سوسیالیسم و بروخێ سەرمایەداری" لە زار و زمانانی ژمارەیەکی زۆر بێتە دەر و دەست بەسەر ماڵ و ملکی سەرمایەدارەکاندا بگیردرێ، ئەننەهو ئیتر کار تەواوە و چیتر نابات دەگەنە مەقسەد. هەموو کەس دەتوانێ بیسەلمێنێ کە ئەمە

له خۆشبینانەترین لێکدانەوەدا هەمان سەرمایەدارییەکی دەوڵەتییە کە بەناوی سوسیالیسمەوە دەقەبڵێندرێ و مەودا بۆ چینێکی تازە پێگەیشتووی حیزبی دەکاتەوە تا لەسەروی ئەم حیزبەوە و بە ناوی چینی کرێکارەوە خۆی بنوێنێ. ئەمە سوسیالیزم نیە، نیزامێکی تاک حیزبی داپلۆسێنەری جەماوەرە و هیچی دیکەی لێ هەڵناوەرێ.

ئێمە پێمان وایە کە دەستراگەیشتن بە سوسیالیسم و دامەزراندنی ئەو سیستمە لە ئێران و بە تایبەت لە کوردستان، ئاڵۆزییەکی گەلێک زۆر و تایبەتی لەبەر دەمدایە و گەلێک پێداویستی سیاسی ـ ئابوری و کۆمەڵایەتی تایبەت بە خۆی، چ لە ئاستی ناوچەیی یان جیهانیدا، گەرەکە. ئێمە پێمان وایە لەم ڕێگایەدا هەرجۆرە دیتن و بۆچوونێکی رووکەشیانە و سکتاریستی و ئیرادەخوازانە بێبەر دەبێ و هیچی تیا بایس نابێت. ئەزمونی وڵاتانی دنیا نیشانی داوە کە بۆ دارشتنی قەوارەی سوسیالیزم پێویست بەو هێزە دیاریکارە، رزگاریدەرە چینایەتییەی چینی کرێکاری وەئاگاهاتووی یەکانگیر و رێکخراو دەکات. هەروەها پێویستە هێزەبەرهەمهێنەرەکان لانی کەمێکی پێشکەوتەییان هەبێت و ژێرخانێکی ئابوری بەهێز و پەرەسەندووی پیشەیی لە گۆڕێدا بێ. کەس ناتوانێ بە کەیفی خۆی ئەم پێداویستیە سەرەکییانە بە هیچ دابنێ و لەبەرچاوی نەگرێ. سازکردنی سوسیالیسم لەسەر بنەمای هەژاری بیرێکی چەوتە کە پێشتر تاقی کراوەتەوە و هیچیشی تیا بایس نەبووە و قەت بە هیچ جێگاییێکیش نەگەیشتوە و ناگات. هەر ئەم پێداویستییە عەینییانەن کە دەخوازێ سەرەتا بیر لە ڕاپەڕاندنی ئەرکە بەراییە بنەماییەکان بکرێتەوە و هەر ئەم ئەرکە بەراییانە و دشوارییەکانی سەر ڕێگایە کە سوسیالیسمی لە وڵاتی ئێمەدا کردۆتە پرۆسەیەک، کە لە رەوتی بەرەوپێشچوونی بەرەبەرەی خۆیدا ساز دەکرێ. سوسیالیسم ئەو جۆرەی کە بە خەیاڵ ئیدعای بۆ دەکرێ ئاڵوگۆرێکی یەکدابەدووی بێ تێپەربوون و پەرینەوە لە مەودایەکی پێویست نیە. لێرەدا مەبەست لە دەورانێکی پەڕینەوە و تێپەڕبوونە، بۆ دارشتن و پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی بنەمایی لە ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵگا و مەودای سەرکەوتنەکەشی بەستراوەتەوە بە پلەی پێگەیشتوویی و وشیاری کۆمەڵایەتی و هەروەها گرێ دراوە بە بوونی شێلگیر و بەبڕی هێزی پێشڕەوی چینایەتی لە سەروی دەسەڵات و بەڕێوەبەری ئیدارەی کۆمەڵگا. هەر ئەم بوونە بەبڕ و شێلگیرانەیە کە دەتوانێ شوێنێکی ڕاستەوخۆ لەسەر بەرەوپێشبردنی بە دانستەی ئەو ڕەوتە بگێڕێ. هەر لەم پێوەندییەدا و لەگەڵ ئەم باسانەدا جێی خۆیەتی ئاوڕێکی کورتیش لە دوو بابەتی دیکە بدەینەوە.

- جووڵانەوەی کرێکاری لە ئاستی سەرانسەریدا یەکێکە لە ریشەدارترین و سەرەکیترین جوڵانەوە عادڵانە و رزگاریخوازە کۆمەڵایەتییەکان. ئەم جوڵانەوە پرتەکان و ڕانەوەستاوە، سەرەڕای هەموو گوشار و هەوڵی دڕندانەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، هەروا لەسەر پێیە و لە شانۆی سیاسی و خەباتی جەماوەری ناو کۆمەڵگادا بوونێکی حاشاهەڵنەگری هەیە. هەرچەند ئەمڕۆ خەباتی کرێکاری زیاتر پەرەی ئەستاندووە و لە شێوەکانی مانگرتن و خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربڕینەکانی لێرەلەوێدا خۆی دەنوێنێ، بەڵام دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێ کە زۆربەی ئەم خەباتە پەرتەوازە و جیا لە یەکترە و ناوەڕۆکی دیفاعی هەیە و زیاتر خۆدەرخستنە لەبەرامبەر پێشهاتێکی تایبەتییەوە. ئەو بەربەرەکانێیەی کە ئەمڕۆ لە گۆڕێدایە زۆرتر لە دەوری داوای حەقدەستە وەدواکەوتووەکاندا دەخولێتەوە و هێشتا نەچۆتە ناو چوارچێوەی داواکاری حەقدەستی زیاتر و چاکترکردنی هەلومەرجی لەبارتر بۆ ژیان. دەبینین کە ئەم خەباتە هێشتا لە قۆناغە بەراییەکانی خۆی دایە و لە ئاستی توانا و هێزی ڕاستەقینەی خۆی دا نیە و هێشتا پێی لە بەرەی داواکاری سینفی ـ ئەویش تەنیا بۆ خرابتر نەبوونی بارودۆخی ژیانی ئێستایان ـ

نەترازاندووە. ئەم بزوتنەوەیە ئەمڕۆ لەگەڵ پەرتەوازەیی و چەند بەرەکی و ڕێکخراو نەبوون و "لاوازی ڕوانگەیی" دەستەویەخەیە. ئەمە روکاری راستەقینەی ئەمڕۆی بزوتنەوەی کرێکارییە. تێپەڕبوون ئا لەم خەباتە سینفییە و گواستنەوەی بەرەو خەباتێکی پێشڕەوی کۆمەڵایەتی پێویستییەکی چارەنووس سازە. ئێمە دەبێ ئەم راستییانە و تایبەتمەندییەکانی ببینین. ئەمە یارمەتیمان دەدات کە بتوانین هەڵسەنگاندنێکی وردتر و واقعی‌ترمان لە بارودۆخی ئێستا و ئەرکە بەراییەکانی ئەم بزوتنەوەیە هەبێ. ئەمڕۆ خەبات لەپێناو دارشتنی بناخەی سەندیکاکان و پێکهاتە و ناوەند و ڕێکخراوی کرێکاری سەربەخۆ لە پێداویستییە سەرەکییەکان و لە ئەرکە بەراییەکانە.

- ماوەیەک لەمەو پێش "بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتداری خەڵک لە کوردستان" بڵاوکرایەوە. ئەم بەرنامەیە هەمان بەرنامەی "حکا"یە بەڵام بە زمانێکی نارۆشنی گرێداری تێکەڵپێکەڵتر. دەتوانین بڵێن کە ئەمە بەرنامەیەک نیە بۆ ڕاپەڕاندن و بەڕێوەبردن، بەڵکوو تەنیا بۆ ئەوەیە لەو بابەتەوە قسەیەک کرابێت و بەرنامەیەک دەرچووبێ. ئێمە هەوڵ ئەدەین لە ڕێگای باس و جەدەلێکی ئاشکرای روو بە دەرەوە ـ بە ئاوڕدانەوەیەکی ڕەخنەگرانە- لەم بەرنامانە و بەتایبەت "بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتداری خەڵک لە کوردستان" یارمەتی بە ڕەوتی دارشتن و پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی عەمەلی و واقعی، بەرنامەیەک کە قاچی لەسەر عەرزی واقع بێت بگەیێنین. بەرنامەیەک کە کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش لێیان روون بێت و بتوانن بە ڕێوەی ببەن.

٥. هەڵوێست و سیاسەتەکانی تا ئێستای حکا لەسەر مەسەلەی میللی لە ئێران و کوردستان لەسەر بنەمای بۆچونە شۆونیستیی و ئۆپۆرتۆنیستیەکانی کمونیزمی کرێکاری چۆتە پێش. هەر بۆیە دەبینن لەم مەیدانەدا بە بیانووی ئەوەی کە نەکا بکەونە داوی بەرچاوتەنگی ناسیونالیستییەوە، بەردەوام خەریکی قسەگۆڕان و ڕادەربڕین و بۆچوونی دژ بە یەکن. سەرلێشێواوی لەسەر پێویستی یان ناپێویستی ڕێکخراوێکی سەربەخۆی چەپ لە کوردستان و سووربوون و پێداگرتن لەسەر هێشتنەوەی ناوی حکا و هیتر، سەرچاوەیەکیشی دەگەڕێتەوە بۆ سەرلێشێواوی لەئاست مەسەلەی نەتەوەیی لە کوردستان. لەو بۆچوونە چەوت و پڕ لە هەڵانەی حکا لەم بابەتەوە دەبیسین و دەبینین کە جاری وایە مافی چارەنووسی نەتەوەیی گرینگە و جاری واشە ناگرینگە. جاری وایە خەڵکی کوردستان نەتەوەیە و جاری وایە نیە. کەڕەتێک سنوورەکانی کوردستان دیارن و سەرێک نادیار. ئەگەر میللەتی کورد بیەوێ داوای سەربەخۆیی بکات دەبێ پشتی بگرین و ئەگەر ئەم داوایەشی نەهێنایە گۆڕ و بیهەوێ لە چوارچێوەی ئێراندا بمێنێتەوە ئێتر ئەوا میللەت نیە و نابێ وەک میللەت و خاوەنی مافی نەتەوەیی خۆی دەربخات و دەبێ هەر بەو مافی شارۆمەندییە قایل بێت. جارێک دەگوترێ ئەستاندنی مافی نەتەوەیی ئەرکی بورژوازیە و دەبێ بهێڵدرێتەوە بۆ حیزبە بورژواییەکان و جاری واشە نا، دەبێ چەپیش خۆی تێوەربدات. بەڵام حیزب نابێ دوروشمێکی تایبەتی هەڵبگرێ و دەبێ دان بە خۆیدا بگرێ و بزانێ "خەڵک" لە کات و ساتی دیاریکراوی داهاتوودا دەنگ بە چی دەدات، ئەوجار حیزبیش بڕیاری لەسەر بدات.

ئێمە پێمان‌وایە دیتنی فرەنەتەوەیی بوونی ئێران و هەروەها بوونی ستەمی میللی و لە ئەنجامیشدا بەرگری بێ‌ئەملاولا لە سڕینەوەی ئەم ستەمە یەکێکە لە بناخەکانی دیموکراسی لە ئێران و یەکێکە لە لایەنە گرینگەکانی بەرنامەیی بۆ چەپێکی راستەقینە. ئەگەر لە ڕوانگە و بەرژەوەندی و پێگەی چینی کرێکاریشەوە سەیری ئەو بابەتە بکەین دەبینین کە ستەم و هەڵاواردنی نەتەوەیی لە لایەکەوە شوێنێکی کۆمەڵایەتی نزمتر و هەلومەرجێکی دژوارتر بەسەر جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی نەتەوەی بندەستدا دەسەپێنێ و لە

لایەکی دیکەش قورسایی سەرکی ئەم ستەم و هەڵاواردنە نەتەوەییە و مەینەتەکانی هەڵقوڵاو لەو زۆرداریيانە زیاتر دەکەویتەسەر چینی کرێکاری هەمان نەتەوەی بندەست. چەپ لە کوردستاندا دەبێ خوازیاری بێئەملاولای مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد (یانی مافی جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ) و پشتیوانی نەتەوەکانیدیکە بێت بۆ بەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان. هەروەها دەبێ برەو پێدەری دۆستایەتی و هاریکاری نەتەوەکان بێ و دژ بێت بە پڕژاندنی تۆوی رق و کینەی نەتەوەیی دژ بە یەکتر. چەپ هەرچەند دەبێ داکۆکیکاری مافی نەتەوەکانی ئێران لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بێت. بەڵام ئەمە بە مانای داکۆکی بێئەملاولا و بێ مەرج لە هەڵوێست و روانگەی ئەم یان ئەو رێکخراوی حیزبی سەر بەم یان بەو نەتەوە نیە. بەڵکوو ئەمە، گرێدراوەتەوە بەوەی کە ئەو رەوتانە تا چ رادەیەک لەگەڵ دیموکراسی، پێشکەوتوویی و مرۆڤدۆستی و عەداڵەتخوازی تەبان و تا چ رادەیەک لەگەڵ بەرژەوەندی کرێکاران و هەژارانی کۆمەڵگا ـ جا چ دەرحەق بە جەماوەری نەتەوەی "خۆی" یان "ناخۆیی"یەکان ـ دێنەوە.

لەڕاستیدا بە بێ خەباتێکی شێلگیر لە دژی شونیسمی نەتەوەیی . هەروەها داپڵۆساندن و فاشیسمی ئاینی دژ بە کەمینە دینی و ئایینی و بیرجیاوازەکان ـ گەیشتن بە یەکێتی چینایەتی کرێکارانی ئێران قەت نایەتەدی. چونکا ئەزمونی دیتراو و بەکردەوە دەریدەخات کە سەرجەمی ئەم زۆرداریيانە داوێنی لێکهەڵبڕانەکان، دووبەرەکییەکان و دوژمنایەتیەکان لەناو نەتەوەکان و دانیشتوانی ئەو کۆمەڵگا ستەمگرتوانەدا بەرینتر دەکاتەوە. بەتایبەت بواری شوێنکەوتنی چینی کرێکاری نەتەوەی سەردەست لە بورژوازی "خودی" دژ بە نەتەوە و کەمینەکانی ژێردەست خۆش دەکات. خەبات لەم مەیدانەدا ئەرکێکی حاشا هەڵنەگر و دەسبەجێی هەموو چەپەکانە لە ئێران. چەپ لە کوردستانیش دەبێ خەباتگێری چالاک و بێمەرجی سڕینەوەی ستەمی میللی لەسەر میللەتی کورد بێ و دەبێ لەم رێگایەدا و لەم پێناوەدا بە بڵاوکردنەوەی تۆوی وشیاری و کۆکردنەوەی جەماوەری ملوێنی، سیاسەتەکان و هەڵسوکەوتی ئەو لایەنە کوردییانەی کە خوازیاری کەین و بەین و سازان لەگەڵ کۆنەپەرستی و زۆرداریدان دەربخات و هەروەها ئاکار و کردەوەی ئەو لایەنەنانەش  کە  رق و کینەی نەتەوەیی، قەومی و ئاینی پەروەردە دەکەن لە قاو بدات و پووچەڵیان بکاتەوە.

بوونی مەسەلەی میللی و جووڵانەوەیەکی حازری دیموکراتیک لە کوردستان بۆخۆی نیشاندەری هەلومەرجێکی تایبەتی لەچاو شوێنەکانی دیکەی ئێرانە، نیشانەی هەلومەرجێکی تایبەتە لە ژیان و خەباتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کورد. بوونی ئەو هەلومەرجە تایبەتییەش مانای ئەوەیە کە دەبێ و پێویستە لەلایەن چەپی چالاک لە کوردستان، سیاسەت و تاکتیکێک رەچاو بکرێ و بخرێتە بەردەست کە بتوانێ وڵامی ئەو هەلومەرجە تایبەتیە و ئامانجەکانی بداتەوە. هەر ئەم راستیەش پێویستی بوونی رێکخراوێکی چەپی سەربەخۆ لە کوردستاندا دەسەلمێنێ، تا بکرێ و بتواندرێ زۆرترین هاوئاهەنگیی و یەکێتی خەباتگێڕانە لەگەڵ جەماوەر و نەتەوەکانیدیکەی ئێران بەرێتەپێشەوە و لە هەمان کاتیشدا وڵامدەری پێداویستییەکانی خەباتی چینی کرێکار و جەماوەری ستەمدیدەی خەڵکی کورد لە هەموو بارێکەوە بێت.

بەڕای ئێمە کوردستانی ئێران ئەو ناوچانەی رۆژئاوای ئێران دەگرێتەوە کە زۆربەی دانیشتوانی بە زاراوەی جۆربەجۆری کوردی قسە دەکەن. لە ماوەی دەیان ساڵی ئەم دواییانەدا نموونەی زۆر دەبینین کە نیشانی دەدەن هەستی هاوچارەنووسی و هاوپێوەندی نەتەوەیی و یەکگرتوویی خەباتگێڕانەی ئەم خەڵکە لە بەرامبەر زۆردارییەکانی رژیمی فاشیستی ـ ئاینی ناوەندیدا پەری ساندوە. لەهەرحاڵدا ئەگەر ئەم خەڵکە

بیانەوێ هەر وەک نەتەوەیەک لەژێر چوارچێوەیەکی یەکگرتووی سیاسیدا پێکەوە بژین، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ بڕیاری سەربەستانەی خەڵک. خەباتکردن بۆ هێنانە دی ئەو هەلومەرجە سەربەستانەیەی بە دوور لە هەرجۆرە زۆبروزەنگ بە یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانی خۆمان دەزانین. هەروەها پێمانوایە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پێوەندییە فەرهەنگی ـ ئابوری و مێژووئیەی کە لە نێوان خەلکی کوردستان و شوێنەکانی دیکەی ئێراندا هەبووە، مانەوەی ئازادانە و دڵخوازانە لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیکدا باشترین و کەم زەرەرترین ڕێگا چارەیە بۆ نەتەوەی کورد و هەموو خەڵکانی ئێران. شێوە و جۆری ئەم یەکگرتوویییە دڵخوازانەیە و چوارچێوەی دەسەڵاتی حکومەتی میللی ناوخۆیی و حکومەتی ناوەندی دەهێڵینەوە بۆ باسەکانی داهاتوو.

جێی خۆیەتی ئیشارە بەم ڕاستییەش بکەین کە پەرەساندنی هاوپێوەندی و هەستی هاوچارەنووسی نەتەوەیی لەناو خەڵکی کورد لە بەشە جۆربەجۆرەکانی کوردستان لە وڵاتانی ناوچەدا ڕاستییەکی مێژوویی و حاشاهەڵنەگرە. ئێمە پشتیوانی خۆمان لە خەباتی دانیشتوانی ئەم بەشانە، لەپێناو ئازادی، پێشکەوتن و سڕینەوەی زۆرداری و هەڵاواردنی نەتەوەیی دەردەبڕین و لە هەمان کاتیشدا دەستێوەردانی سیاسی لە کاروباری ئەو ناوچانە بە ئەرکی خۆمان نازانین.

٦. هەڵس وکەوت بەرانبەر بە جووڵانەوە دیموکراتیک وخەڵکییەکان: دەتوانین لەناو تێکڕای جووڵانەوەی چەپ و لەناو خۆشماندا ئیشارە بە زۆر نموونە و هەڵوێستی روانگەیی و بەکردەوەی سکتاریستییانە بکەین کە دوورن لە بنەماکانی مارکسیستی و راستییە دیالکتیکییەکان و لە گەڵ هەست بە بەرپرسیارەتی کردن لەبەرامبەر جووڵانەوە جەماوەرییەکاندا یەکناگرنەوە. زۆرجار تەنانەت بیروڕای وا دیتەگۆڕ کە تا ڕادەی بە هیچ نەگرتنی هەر جووڵانەوە و داخوازییەکی دیموکراتیک دەچێتە پێش. ئەمانە هەر بە پێوانەی بەرژەوندی تاقمەیی خۆیان جووڵانەوەکان هەڵدەسەنگێنن. ئەمە لەوپەڕی خۆیدا نیشانەی پاسیفیسم و شان هەڵتەکاندنە لە بەرامبەر جووڵانەوەکان (جووڵانەوەی ژنان، خوێندکاران ... ) ئەم روانگەیە جۆرێک دەجووڵێتەوە کە ئەننەهو بۆچوون و مەیلەکانی دیکەی ناو جووڵانەوە ـ جگە لە مەیلی سوسیالیستی، ئەویش ئەو مەیلەی کە خۆی گەرەکیەتی ـ هیچ نین و کەڵکی پشتیوانیان پێوە نیە. ئەمە بۆچوونێکی چەوتە و لە دوایین لێکدانەوەدا خۆی دەبێتە لێکدابڕانی جووڵانەوەی راستەقینەی سوسیالیستی لە بوار و بنەما جەماوەرییەکانی خۆی. دەتوانین ئەم روانگە سکتاریستی و دووبەرەکینانەوە سەبارەت بە جووڵانەوەکانی ژنان و لاوان و هیتردا ببینینەوە. لێرەدا ئاوڕێکی کورت لەو جووڵانەوانە دەدەینەوە.

• جووڵانەوەی ژنان یەکێکە لەو جووڵانەوەی کە توانائیەکی شۆڕشگێڕانە و دیموکراتیکی زۆر بەهێز و شوێندانەری هەیە و بە بەردەوامی لە شانۆی سیاسی ئێراندا و بەتایبەت لەسەردەمی کۆماری ئیسلامیدا لە ئاستێکی بەرین و بەربڵاودا خۆی نیشان دەدات. ئەم جووڵانەوە دەتوانێ ببێ بە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی خەباتی سیاسی جەماوەری لەپێناو داروخانی رژیمی کۆماری ئیسلامیدا. ئێمە لەو باوەڕەداین کە دەبێ بە بێ هیچجۆرە پێشداورەییەکی چەق بەستەی تیۆریکی، پشتیوانی لە سەرجەمی ئەو جووڵانەوەیە دەرببڕدرێ کە لە پێناو وەدیهاتنی سەربەستی و رزگاری ژن لە کۆتوبەندی زۆرداری جنسی و دابونەریتی پیاوسالاری و لەپێناو ئامانجەکانی دادپەروەری و ئازادیخوازیدا خەبات دەکات. هەروەها دەبێ هەوڵبدرێ هەرچی زۆرتر و زیاتر ئەو خەباتە قوولتر و بەرینتر بکرێتەوە. نابێ بە بیانووی جۆر بە جۆرەوە ئەو ویستە رەوایانەی کە ئەمرۆ دەتوانن بێنە دی و لە بەشێکی زۆر لە وڵاتانی سەرمایەداریدا هاتوونەتەدی، حەواڵەی داهاتوویەکی نادیار بکرێ. ئەمە کارێکی نەشیاوە و لە چاکترین لێکدانەوەدا

خۆقەتیس کردنە لەناو باوەڕە چەقبەستووەکان و خۆشاردنەوەیە لە ئەرکەکانی ڕۆژ و سپاردنیانە بە مەیل و بۆچوونە سیاسییەکانی دیکە. ئێمە هەروەها پێمانوایە هەرجۆرە هەوڵدانێکی سکتاریستی بۆ گویا پاڵاوتن و جیاکردنەوەی جووڵانەوەی حەقخوازانەی ژنان ئەویش بە بیانووی سوسیالیستی بوون یان نەبوونی ئامانجە کورت یان درێژخایەنەکانیان کارێکی چەوتە. هەروەها هەرجۆرە هەوڵدانێکیش بۆ بەرتەسککردنەوەی دڵکرمۆڵانەی ریزەکانی جووڵانەوەی ژنان و بەستنەوەیان تەنیا بە ئەندامانی ڕێکخراوێکی تایبەت و لە ڕاستیدا "ڕێکخراوەیی" کردن و گرێدانیان بە مەیل و بۆچوونێکی تایبەتی حیزبی بە شتێکی نەگونجاوی تێکدەرانەی شکستخواردوو دەزانین کە زەرەری قورس بە ڕێکخستن و یەکانگیری جووڵانەوەی ژنان دەگەیێنێ.

- جووڵانەوەی خوێندکاران. لەم مەیدانەشدا هەروەک جووڵانەوەی ژنان نابێ بە چاوی حیزبییەوە سەیری بکردرێ و نابێ هەوڵ بۆ بەناو حیزبی کردنی بدرێ. ئەمە لە ڕاستیدا کەڵکوەرگرتنێکی ئامرازییە لە جووڵانەوە بۆ قازانجی بەرتەسک و کورتبینانەی حیزبی. ئەمە هەنگاوێکی بەرەودوایە و دەبێتە هۆی لێکدابڕان، پەرتەوازەیی، دەستەدەستەکردن و ڕامالینی بۆ پەراوێزی ڕووداوەکان. لە گەڵ ئەوانەشدا دڵساردی و هیوابڕاوی لە ناو ریزەکانیدا پێک دەهێنێ.

٧. ئەمڕۆ لەناو حیزبی ئێمەدا هەر بەو ڕوانگە لادەرانەی کمونیزمی کرێکارییەوە دەڕوانرێتە مێژووی کۆمەڵە. هەرچەند جاروبارە سووکە ڕەخنەیەکی بێشوێنەواریشیان لێ دەگیردرێ، بەڵام پوختەی بۆچوونەکان هەر ئەوەیە کە ئەوان دەیڵێن.

ئێمە چۆن دەڕوانینە ڕابردووی کۆمەڵە؟ داخوا کۆمەڵە ڕەوتێکی چەپ و سوسیالیستی بووە؟ داخوا کۆمەڵە لەژێر شوێنەواری "اتحاد مبارزان کمونیست"دا بوو بە سوسیالیست و کمونیست؟ داخوا کۆمەڵە دوای پێکهاتنی حکا بەو تایبەتیمەندییانە گەیشت؟...

قسە لەسەر ئەوە نیە کە ئێمە میداڵێک لە بەرۆکی کۆمەڵە یان ڕابردووی خۆمان بدەین، بەڵکوو قسە لەسەر پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانەیە لەو ڕوانگەیەی کە کۆمەڵەی بەرەو قەیرانێکی ئاوا ڕاکێشاوە. ئەو ڕێکخراوانەی کە ئێستا هەن هەموان خەریکی ئەوەن لەم بابەتەوە شانی خۆیان لەژێر باری بەرپرسیارەتی لە ئاست ئەم وەزعەدا هەڵتەکێنن. خەریکی پاکانەکردنن بۆ، مان و بوونی خۆیان و هیچ ڕەخنەیەکی هەمە لایەنەی ئومێدبەخش و ڕێگا نیشاندەر بۆ هەڵسووڕاوانی ئێستا و خەباتگێڕانی وەچەی تازە لە گۆڕێدا نیە.

ئێمە پێمان وایە کە کۆمەڵە سەرەڕای هەموو کەم و کوڕییەکان کە <u>ئێستا</u> بە ڕوانینی ئەمڕۆمانەوە دەتوانین قامکیان سەر بخەین و دەبێ لێکدانەوەی ڕەخنەگرانەیان لەسەر بکرێ، ڕەوتێکی چەپ و سوسیالیست بووە. خەباتی کۆمەڵە هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا ئەزموون و دەستکەوتی زۆر گرانبایی هەبووە کە دەبێ بە ئینسافەوە هەموو لایەنەکانی بە شێوەیەکی مارکسیستی و زانستی لێکبدرێتەوە. ئەمە دەتوانێ بۆ ڕێڕەوانی چەپی داهاتوو جێگای دەرسلێوەرگرتن و زۆریش گرینگ بێ. لەو باوەڕەداین کە چاوقونجاندن لە هەموو ئەمانە و مەیدان چۆڵکردن بۆ تەفسیر و لێکدانەوەی ئانارشیستی، ڕاستئاژۆیانە، و ئۆپۆرتۆنیستی و درودەلەسەی لایەنە دژی ئازادی و کۆنەپەرستەکان زۆر ناڕەوایە و ناڕەواتر لەوەش ئەوەیە کە هاوکات لە ناو و عینوانی کۆمەڵە بۆ خۆڕاوەشاندن و ئیعتبار وەرگرتن کەڵک وەربگیردرێ. ئەمانە لەگەڵ هێچ ئاوەز و خەبات و کاروکرداری کمونیستیدا یەک ناگرنەوە.

٨. ئەو ڕوانگەیەی کە ئاماژەمان پێدا ساڵانێکی زۆرە لە مەیدانی ڕاپەڕاندن و بەڕێوەبردنی کاروباری ڕێکخراوەییشدا خۆی دەنوێنێ و دەچێتە پێش. بە پێی ئەو ڕوانگەیە مرۆڤ ئامرازێکە لەپێناو دەزگای

ڕێبەری و بۆ ئامانجێکی دیاریکراو. ئەم دیتنە تەشکیلات وەک ئامرازێک نابینێ بۆ ئامادەکردنی شۆڕش بەڵکوو تەشکیلات بۆخۆی بووە بە ئامانج و تەنانەت واوەتریش، بووەتە بنەمای ئایدئولۆژیش، بووە بە هەموو شتێک و دەوری پیوانەیەک بۆ هەڵسەنگاندی هەر شتێک دەگێڕێ. لەمێژە باسوخواسی نەزەری و سیاسی لەناو حیزبی ئێمەدا دەگمەن بووە و تومەز پاش جیاییەکان ئیتر پێویستی خۆیان لەدەست داوە. هەرکەس جۆرێکیتر بیر بکاتەوە و ڕەخنەیەک لە حیزب یان لە ڕێبەرایەتییەکەی یاخود لە شێوەکانی ڕێبەرایەتی و سیاسەتەکانی بگرێت بە شێوەیەکی ناعادلانە لەگەڵیدا دەجووڵێنەوە. ئەم شێوازە چەوتانە هەر لە کۆنەوە لە ناو حیزبە چەپەکان بە گشتی و لەوانە لە ناو حکا و کۆمەڵەشدا بەکار گیراوە. سەرەتا نەیارانێک دەستنیشان دەکرێن و پاشانیش جیابیرەکان بەوانەوە گرێ دەدەن. هەر کەس بێتو بە شێوەیەک ناڕەزایەتییەک دەرببڕی، خێرا و بە بێ هیچ ڕوونکردنەوەیەک ناوناتۆرەی " ناسیونالیست" و " رێڕەوانی ڕێگای شکستخواردوی جیابووەکان" یان شوێن دەخرێ. هەڵسوکەوتی ڕوون و کراوەی هاورێیانە جێگای خۆیان داوە بە دووزمانی و ڕەفتاری چەوتوچەویل.

## کۆتایی

بەمجۆرە و بە سەرنجدان بەو باسانە و بەپێی بەندی پێنج لە مادەی دووی ئەساسنامەی حیزبی کمونیستی ئێران، فراکسیونی "فەعالییەت بە ناوی کۆمەڵە" و دەست بە کار بوونی ڕادەگەیێنین. ئێمە لەوە بەدوا وەک فراکسیونێک لە ناو تەشکیلاتدا بە پشت بەستن بە مافەکانمان کە لە پەیرەوی ناوخودا هاتووە بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانمان هەڵسوڕانی خۆمان درێژە پێدەدەین. لەبەرچاوگرتنی مافە پەسەندکراوەکانی ئەساسنامەیی و ڕێزگرتن لە دیموکراسی و مافە ئینسانییەکان لەناو تەشکیلات لە هەر دوو لاوە دەتوانێ بناخەی پێکەوە ژیانی هەموومان لە ئێستا و داهاتوودا بێ.

فراکسیون ڕەوتێکی فکری و سیاسی پشتئەستوور بە سوسیالیزمی زانستییە کە لە ڕوانگەی بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان و توێژە هەژار و بێ بەشەکانی دیکە سەیری کۆمەڵگا دەکات و هەموو هەوڵ و توانای خەباتگێڕانەی خۆی لە پێناو پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی بناخەیی لە بارودۆخی زاڵ بەسەر ژیانی ئەوان و بۆ دابینکردنی خۆشی و ئاسایش و ئەمنییەت لەناو کۆمەڵگادا تەرخان دەکات و ڕامالینی نیزامی کۆنەپەرست و ڕەشی ئیسلامیش بە یەکەم هەنگاوی بەرایی لەو بوارەدا دەزانێ.

ئێمە ڕای دەگەیێنین کە هەروا پێمل دەبین بە ئامانجە سوسیالیستییەکان و سوننەتە شۆڕشگێری و بە بایەخەکانی کۆمەڵە و ئەمانەش بە پاڵپشت و هاندەری خۆمان لە هەڵسووڕانی داهاتوومان دەزانین. ئێستا گەنجینەیەکی پڕبایەخ لە ئەزمونە شۆڕشگێڕییەکانی کۆمەڵە لە هەموو مەیدانەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا و لە پێناوی بەرگریکردن لە کرێکاران و زەحمەتکێشانی کۆمەڵگا لەبەر دەستدان. ئەمانە گەنجینەیەکی گەورەن لە سەداقەت و سەمیمییەت، ئینساندۆستی و ئامانجخوازی کمونیستی. ئێمە دەمانەوێ وەک هێزێکی چەپ و سوسیالیستی یەکانگیری سەربەخۆی راستەقینە بە پشتبەستن بەو گەنجینەیە شان بە شانی هەمو هێزە پێشکەوتنخواز و سوسیالیستەکان لە ناوچەکانی دیکە، پێ بە پێی ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگای ئێران و کوردستان لە پێناو پێشرەوی بەرەو داهاتوو، لەپێناو ڕزگاری و بەختەوەری ئینساندا خەباتی خۆمان درێژە پێبدەین.

ئێمە هەروەها داوا لە هەموو ئەو هاورێیانە دەکەین کە لە ناو کۆمەڵەدا ساڵانێکی زۆری ژیانی خۆیان لە پێناو بەدیهاتنی ئازادی و ئامانجەکانی دادپەروەری، ئینسانی و شۆڕشگێڕانەییەکان تێپەڕاندووە، بەڵام ئێستا بەهەر هۆیەک لە کاروباری ڕێکخراوەیی دابڕاون، لەم ڕەوتەدا و بۆ بەهێزکردنی هێڵی کۆمەڵەیەکی ئەمڕۆیی پشتیوانیمان لێ بکەن.

پووشپەڕی ١٣٨٧ بەرامبەر بە ژوئیەی ساڵی ٢٠٠٨

ئیمزاکان :

١. محمەد ئاشیگوڵان
٢. جەمال ئیبراهیمی
٣. رەحمان ئەحمەدی
٤. کەریم ئەحمەدی
٥. جەعفەر ئەمینزادە
٦. ناسر ئەمینژاد
٧. یەدێ بیگلەری
٨. عوسمان تارین
٩. عرفان تارین
١٠. ناسر تەرکە
١١. عەلی چوپانی(سەوڵە)
١٢. رەئوف حافز
١٣. مینە حسامی
١٤. گەلاوێژ حسێنی
١٥. محمەد حەمامیان
١٦. شەهلا حەیدەری
١٧. شەهین حەیدەری
١٨. گەلاوێژ حەیدەری
١٩. فەرەیدون دارائی
٢٠. خالد رەحمەتی
٢١. مهدی رۆستەمی
٢٢. فەرهاد رەسوڵی
٢٣. کەریم رەسوڵی
٢٤.شەمسولا سەیدی - (دوکتور شەمسولا شیروانە)
٢٥. خالید شەفیعی
٢٦. خەلیل عومری
٢٧. حشمەت فیدائی
٢٨. شۆرش فەتحی
٢٩. شیلان فەتحی
٣٠. رەزا فەیزوللا بەگی
٣١. حەلیم قاسمی
٣٢. حامد کەریمی
٣٣. فەرید کەلامی
٣٤. حەبیب گەوێلی
٣٥. مەجید مارابی
٣٦. ئیبراهیم محەمەدی - برایم مینە شەم
٣٧. عوسمانمحەمەدی
٣٨. سمایل مورادی
٣٩. ئەنوەر مورادی
٤٠. سەباح مورادی
٤١. ئومێد مەریوان
٤٢. عەباس مەسعودی
٤٣. فەرزاد میرەکی
٤٤. جەمال نادری
٤٥. فاروق نەقشی
٤٦. ساعد وەتەندوست

ffb_k@yahoo.com

ff.bk@hotmail.com